KURDISH
DIASPORA

تاراوگە بڵاوكراوەیەكی ئەلكترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە.

سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەكات.

**01 Dec. 2018 No. [23]**
Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

**لە تاراوگە، بابەتی كەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە**

بەڵگەنامەی نوێ لە سەر كوشتنی شەرەفخانی بدلیسی – دكتۆر جەبار قادر، ل1

ڕۆمانی (تەونی جاڵجاڵۆكە)ی نوسەر و وەرگێڕی نەمری كورد حەكیم كاكەوەیس، بەختیاری شەمەیی: – ل 2

نوسینە مرواریییەكانی بەكر شوانی... ل3

كۆرپەیەک بەردەوام قاقا لێدەدات، پاشتر پزیشكەكان دەریدەخەن، كە ئەو منداڵە نەخۆشە! موزەفەر عەزیز– ئەڵمانیا.... ل 4

شێوەكار هوشیار ڕەشید: ل8



KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

01 December 2018
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 23
ساڵی یەکەم 01 دیسەمبەری 2018

# بەڵگەنامەی نوێ لە سەر کوشتنی شەرەفخانی بدلیسی (*)


دکتۆر جەبار قادر

چوار بەڵگەنامە لە ئەرشیفی عوسمانی دۆزراونەتەوە گومان لەوەدا ناهێڵنەوە، کە نوسەری شەرەفنامە کوژراوە. بەڵگەنامەکان بریتین لە نامەی سوڵتان بۆ کاربەدەستانی دەوڵەت لە وان و تایبەتن بەو سەروەت و سامانەی لە دوای شەرەفخان بە جێماوە. بەڵگەنامەکان هیچ بایەخێکیان بە کوشتنەکەی نەداوە، تەنها باسیان لە سەروەت و سامانەکەی (قتل أولونان) شەرەفخان، واتا شەرەفخانی کوژراو دەکەن. سوڵتان نوێنەری تایبەتی خۆی ناردە وان بۆ کۆکردنەوەی میراتی شەرەفخان، کە کاربەدەستانی گەندەڵی عوسمانی سیناریۆی جۆراو جۆریان داڕشتبوو بۆ دزین و تاڵانکردنی. کاتێ نێردەی سوڵتان دەگات دەبینێت هەموو سنوقەکان بەتاڵن و گوایە بە شەو دزرا بوون. سوڵتان لیستێکی تەواوی سەروەت و سامانی شەرەفخانی لە لا بوو، کە خەڵەفی برا بچوکی شەرەفخان بۆ دەرباری سوڵتانی ناردبوو، واتا دەیزانی گەنجینەکەی چی تێدا بووە. شەرەفخان لە شەڕدا لە دژی بەگەربەگی وان سوپاکەی شکستی هێناو خۆیشی لە تەمەنی نزیک شەست ساڵیدا (١٥٤٣ – ١٦٠١) کوژرا. لە نامەکاندا سوڵتان چەندین جار ناوی شەرەفخانی لە گەڵ دەستەواژەی "قتل أولونان"ی واتا کوژراوی بەکاربردووە. بەڵگەنامەکانیش لە ئەیلولی ١٦٠٢دا نووسراون، بەم پێیە بێت دەبێ شەرەفخان پێش ئەو مێژووە کوژرا بێت. بە لێکدانەوەی ئەوانەی بەڵگەنامەکانیان دۆزیوەتەوە دەبێت شەرەفخان لە ساڵی ١٠٠٩ک، کە دەکاتە ١٦٠٠–١٦٠١ز کوژرا بێت.

هەندێ دۆست و هاوڕێ ئاگاداریان کردمەوە کە لە چاپە نوێکەی شەرەفنامەدا، کە بە داخەوە من نەمبینیوە، ئەم بەڵگەنامانە بڵاوکراونەتەوە، زۆر سوپاسیان دەکەم. لە گەڵ ئەوەشدا ئەو دوو توێژەرە، کە بەڵەگەنامەکانیان بڵاوکردۆتەوە، واتا ڤوراڵ گەنچ و مستەفا دەهقان بۆیان نەکراوە ڕۆژ و مانگ و تەنانەت ساڵی کوشتنیشی ساغ بکەنەوە، چونکە بەڵگەنامەکان باسی سەروەت و سامانی شەرەفخانی کوژراویان کردووە، نەک ڕووداوی کوشتنەکەی.


هەروەها لە بارەی هۆکارەکانی کوشتنیشێوە چەند گریمانەیەکیان خستۆتە ڕوو، بەڵام بۆیان نەکراوە بە تەواوی ساغیان بکەنەوە، بۆیە ئەم بابەتە پێویستی بە توێژینەوە و لێکدانەوەی زیاترو وردترە.

(*)ئەمە پەرەگرافێکە لە لێکۆڵینەوەیەکی درێژ کە بەمزوانە بڵاودەبێتەوە.




داواکارین لە تێکرای نوسەران و ڕۆشنبیران و گەنجان و خوێندەوارانی زمانزانی ئازیزی کورد لە تاراوگە، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەریمان، لە زمانە زیندووەکانی وەک ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسی، هۆڵەندی، هتد.. بۆ وەربگێڕنە سەر زمانی شیرینی کوردی، تا بڵاوکراوەکەمانی پێ دەوڵەمەند بکەین. هەروەها داوا لە قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ و پیشەوەرە کوردەکان دەکەین، هەواڵی سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانی خۆیانمان بۆ ڕەوانە بکەن، تا لە تاراوگەدا، بە سوپاسەوە بۆیان بڵاوبکەینەوە...

# رۆمانی (تەونی جاڵجاڵۆکە)ی نوسەر و وەرگێڕی نەمری کورد حەکیم کاکەوەیس: بەشی (١)





ئەم رۆمانەی حەکیم کاکەوەیسی نەمر، باس لە هەرەسی شۆڕشی 14ساڵەی ئەیلول دەکات. تیشک دەخاتە سەر ڕووداوەکان و کارەساتەکانی هەرەس و دوای هەرەس.

ئەم رۆمانە، جگە لە ناوەڕۆکە چڕوپڕەکەی، لەڕووی زمانەوانی و تەکنیکی دارشتنیشەوە، شاکارێکە بۆخۆی. شاکارێکی نەمرە و شایستەی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و لەسەرنوسینە.

رۆمانەکە بەهەمووی 184 لاپەڕەیە و لە 19بەش پێکهاتووە. هاوکاری بەرێزمان کاک بەختیاری شەمەیی هەوڵ دەدات، بە زنجیرە، بە 19 جار پێشکەشتانی بکات. پاشانیش بە یەک فایلی پی دی ئێف لە هەواڵنامەی کتێب دا بڵاوی دەکاتەوە.

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی حەکیم کاکەوەیسی نەمر. هەزاران تاجەگوڵینەی ڕێزداری و پێزانین و ئەمەکداری بۆسەر گڵکۆی پیرۆزیان.



## تاراوگە بڵاوکراوەیەکە:

دەنگ و ڕەنگی هەموو کوردانی تاراوگەیە، بەبێ جیاوازی ئینتمایی سیاسی و حیزبی، هەموو زانیاری و ئاگاداریەک و بابەت و هەواڵی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هونەری بڵاودەکاتەوە، لە ئێستادا بە شێوەی ئەلەکترۆنی بڵاودەبێتەوە، تاراوگە بەرپرسیار نییە لە ناوەڕۆکی نوسین و ئینتمای سیاسی نوسەری بابەتەکان، چاوەڕێی نوسینە بە پێزەکانتانین.

# نوسینه مرواریەکانی بەکر شوانی



بەکر شوانی– ئەڵمانیا

**عەزیز نەسین**

دایکم نەخوێندەوار بوو، بەڵام ژنێکی هەست ناسک و هۆشیار بوو. تەواوی دایکان باشترین ژنانی جیهانن. دایکی منیش، لەبەرئەوەی دایکی من بوو، باشترین ژنی جیهان بوو .

ڕۆژێک لە باخچەی ماڵەوە هەندێک گوڵم چنی و بۆ دایکم هێنا. دایکم کەیفی پێ هات. ئەمجار گوتی:

– وەرە با بڕۆین کەمێکی تر گوڵ بچنین.

چووینە باخچەکەوە. گوڵێکی پێشانم دا و گوتی:

– بڕوانە، ئەو گوڵە چەند جوانە... ئەو گوڵانەیش زیندوون، ئەوانیش ڕوحیان هەیە. ئەگەر ئەو داماوانە بچنین، دەمرن. بەسەر چڵی خۆیانەوە زۆر جوانترن. لە ئاوی پەرداخدا وا جوان نین.

– دایکم بە دیار هەر گوڵێکەوە لێمی پرسی:

– دڵت دێت، دەتەوێت بیچنیت؟

هەر شتێکی باشم هەبێت، لە هەر هەموویدا قەرداری دایکم...



# چیرۆکێکی پەند ئامێز...



"قورسترین پادشای جیهان و گەنەی خوێنمژ" یەکێکە لە کۆی ٥٠ شەکرە چیرۆکی عەزیز نەسین کە خۆم لە تورکییەوە وەرم گێڕاون و هێشتا چاپ و بڵاو نەکراونەتەوە. ئەم چیرۆکە ئاماژەیە بۆ فەرمانبەران و کاربەدەستانی گەندەڵی دەوڵەتی عوسمانی و کۆماری تورکیا. ناوەڕۆکی چیرۆکەکە بۆ دۆخی ئەمڕۆی تورکیا و ناوچەکەیش دەگونجێت. بە سرووش وەرگرتن لەم شاکارەی نەسین دەگەینە ئەو باوەڕەی کە هەر لایەنێکی تورکی و کوردی لە تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ببێت بە هاوکار و هاوستراتیژی ئاکەپە–دەوڵەتی تورک، لە ئاکامدا هەمان چارەنووسی کابرای لاوازی پاڵەوانی چیرۆکەکە چاوەڕێی دەکات.

چیرۆکەکە بەم جۆرە دەست پێ دەکات: "هەبوو، نەبوو... هەندێک دەوڵەمەند و هەندێکی تر هەژار بوون. کەسانی تێر، چاوبرسی و کەسانی چاوبرسی، تێر بوون. لە شوێنێکی لێوانلێو لە شمشێروەشێن و سەرپەڕێن و لە زەمانی قاتوقڕیی ویژداندا وڵاتێک هەبوو. دانیشتووانی ئەو وڵاتە لە ڕۆژێکی دیاریکراوی ساڵدا دەکێشران و قورسترین کەسیان دەکرا بە پادشای وڵات. هەر بۆیە خەڵکی وڵات بێ پشوودان دەیانخوارد و دەیانخواردەوە بۆ ئەوەی قەڵەو ببن و لەسەر تەرازوو قورس دەربچن."

کورتەی چیرۆکەکە: لەو وڵاتەدا کەسێکی سیسەڵە، لاواز، خوێن وشکهەڵهاتوو، پەرپووت، برسی و لانەواز هەیە کە وەک مافێکی بنەڕەتیی خۆی خەون بە قەڵەوبوون و بەدەستهێنانی تاجی پاشایەتییەوە دەبینێت. شەوێک هەست بە چزەیەک لەسەر پێستی وشک و برینگی خۆی دەکات. دوایی بۆی دەردەکەوێت ئەوە گەنەیەکی چرچ و برسییە و خوازیاری خوێنمژینە. پاش گفتوگۆیەکی درێژ، کابرای لاواز و گەنەی چرچ لەسەر ئەوە ڕێک دەکەون، کابرا گەنەکە بەر بداتە گیانی دوژمنەکانی خۆی بۆ ئەوەی تا مردن خوێنیان بمژێت و ئەمیش دەست بەسەر ماڵ و سامانیاندا بگرێت. ئەم ڕەوشە بەردەوام دەبێت تا کابرای سیسەڵە دەبێت بە قورسترین هاوڵاتی و دەکرێت بە پادشا. هەمان کات گەنەکەیش هێندەی فیلێکی لێ هاتووە و هەر داوای خوێن دەکات. دواجار تەنیا پادشا و گەنەکە دەمێننەوە تا ڕۆژێک گەنەکە خوێنی پادشایش دەمژێت و ڕوحی لەبەر دەبڕێت.

# کۆرپەیەک بەردەوام قاقا لێدەدات، پاشتر پزیشکەکان دەریدەخەن، کە ئەو منداڵە نەخۆشە!

زارۆیەکە لە ڕۆژێکدا 17 کاتژمێر پێدەکەنی.
بەمە باوانی زۆر خۆشحاڵکردبوو، کەچی دواتر هەڵەی تراژیدیایەک بەدیارکەوت.
کۆرپەکە بەختەوەر نییە، بەڵکو بەسەختی نەخۆشە.
کاتێ کوڕە بچووکەکە"جاک" ,کە خەڵکی وینسکەمبی بەریتانیایە و دوو هەفتە پاش لەدایکبوون لە 2014 دەست بەقاقالێدان دەکات، بەلای دایک و باوکییەوە ئەمە شتێکی باشەو خۆشترین شتی دنیایە :"ئێمە وامانزانی، ئەو ئاسوودەیە"دایکەکە" گێمما 32 ساڵ" وایدەگوت و سوک وهاسان کوڕەساواکەیان بەجۆرێک لەزارۆیەکی ناوازەی بەختەوەر دادەنا.



شێرپەنجەیەکی خراپ حاڵەتی پێکەنینەکە ئاشکرا دەکات.
بەڵێ بەماوەیەکی کەم دەرکەوت، جاکی منداڵ هەرگیز بەوشێوەیە شادمان نییە وەک تێگەیشتوون وهەڵسوکەوتی دەکرد، بەڵکو ئەو هیچیتری لە پێکەنین زیاتر بۆ نەدەکرا بۆ دەربڕینی ناخی خۆی، چونکە خانەیەکی شێرپەنجەیی هەڵە، کە بەقەبارەی دەنکەترێیەکە و فشاردەکاتە سەر مێشکی ئەو بەستەزمانە و پێی دەگوترێت "Hypothalamic Hamartoma"هایپەتەلامیک هامارتۆماو لەدەسپێکی تەمەنیدا بەشێوەیەک سەرنج بەلایخۆیاندا رادەکێشن کە٪90 ی منداڵان چەندینجار لەڕۆژێکدا حاڵەتی پێکەنین دەیانگرێت، یا بەشێوەیەکی تر ئەو حاڵەتە ڕوودەدات. بە گوێرەی بەدواداچوونەکانیش وا مەزەندە دەکرێت، کە لەهەر ۲۰۰۰۰۰ دووسەد هەزار زارۆ، دانەیەک تووشی ئەم نەخۆشییە ببێت.
هەواڵە خۆشەکە: شێرپەنجەکەی جاک لە جۆری باش بووە و حاڵەتەکانیش لەنێوان 30 چرکە بۆ 17 کاتژمێربووە، لەڕۆژێکداو هەندێجار لەوەختی نووستنیشدا ڕوویداوە.
لەکاتێدا ئەو تازە دایک باوکە هەر بە بیریشیاندا نەچوە، خانمێک پەرۆشی خۆی لەبەرێوەبەراتی تەندروستی سەبارەت بەپێکەنینی ئەو منداڵە دەردەبرێت.
"پێم شتێکی ترسناک بوو، کەژنێکی تر هەستی بەم حاڵەتەی منداڵەکەم کردووە، خۆی دەبوو من وەک دایک درکم بەمە کردبا "لەلێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەی ئینگلیزیی"زە سەن" وایدەگوت، بۆ ئەم مەبەستەش کوڕەکەی بردۆتە لای چەندین دکتۆری جیاواز، کەچی تەنانەت ئەوان خۆشیان، هیچ جۆرە ڕوونکردنەوەیەکیان دەربارەی پێکەنینەکە پێ نەبووە. تا پاشتر سەردانی پزیشکی نەخۆشییەکانی دەمار "نۆیرۆلۆگی" لە نەخۆشخانەی"بریستۆ ڕۆیاڵ" بۆ منداڵان دەکەن و لەوێ دەستنیشانی نەخۆشییەکە دەکرێت، ئیتر بۆ خێزانەکە دەبێتە شۆکێکی مەزن.
دوای نەشتەرگەرییەکە ئەوجا بارەکە سوک دەبێت: ئیتر حاڵەتەکەی جاک بەکۆتادێت.



موزەفەر عەزیز

دوای دووساڵ، ڕۆژانە جاک دەستی بەپێکەنین دەکرد و رایدەگرت جاروباریش براکەی لە شیرین خەوان ڕادەچڵەکاند.!
دواجار نەشتەرگەرییەکی 10 کاتژمێریی بۆ ئەنجامدەدرێت و شێرپەنجەکە دەبڕن و لێی دەکەنەوە. ئیدی ئەو حاڵەتە دەگمەنەی کوڕەکە دەوەستێت. تا ئەمرۆ کە چوار ساڵانە ئەو کوڕە یەک حاڵەتی تری لەو جۆرەی ووبەڕوو نەبۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دایک و باوکی هێشتا تورە دەبن، کاتێ جاک زۆر بەئاسایی و خۆڕسکانە لە پێش تەلەفزیۆن و بەدیمەنێکی ئەو بەرنامەیەی، کە پێی خۆشە پێدەکەنێت.
لەدوماهیدا دایکی جاک "گێمما "لە پێناو بەرزکردنەوەی ورەی تووشبووانی تر، دەڵێت: هایپۆتالاموس هامارتۆمە زۆر دەگمەنە، دەمەوێ ئەمە بڵێم تا باوانی تریش بیزانن، ڕووناکییەک لە کۆتایی تونێلەکەدا بوونی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە باشتر دەبێت. ئەو نەشتەرگەرییە ژیانی جاک و ژیانی ئێمەشی گۆڕی، هەروەها ئێستا ئێمە زۆر سوپاسگوزارین."
زۆرجار دەگوترێت: خۆت لە ژیانی کەس هەڵمەقورتینە، بەڵام ئەو جۆرە خۆتێهەڵقورتاندنەی ئەو خانمە نا، چونکە زۆر لەجێی خۆیدابەوە و بەباشە گەڕاوەتەوە،ئەوەتا کەسێکی پێ لەنەخۆشیی ڕزگارکردوە و ژیانی خانەوادەیەکیشی گۆڕیووە.

تێبینی:-ئەمە لینکی ڤیدیۆکەیە:

https://www.thesun.co.uk/.../baby-boy-giggling-brain-tumour......

# ڕۆمانی "بۆ کوێ دەڕۆین ، باوکە؟"…. لەگەڵ ڕۆمانی "باوکم هەرگیز کەسی نەکوشتووە".

## هەندێ لە بەرهەمەکانی نوسەر و وەرگێڕ سەلاح حەسەن پاڵەوان..







ئازاد هاشم

بۆ کوێ دەڕۆین ، باوکە؟

- ڕۆمانی "بۆ کوێ دەڕۆین ، باوکە؟"…. لەگەڵ ڕۆمانی "باوکم هەرگیز کەسی نەکوشتووە……"

دوو ڕۆمانن دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان لە یەک کتێبدا بە چاپی گەیاندوون!….

- بۆ کوێ دەڕۆین ، باوکە ؟ ڕۆمانێکە باس لە نەهامەتی و ئازارەکانی خێزانێک دەکات، کە بەدەست دوو منداڵی کەمئەندامەوە "ماتیۆ و تۆماس" دەناڵێنن ، هەستەکانی دایک و باوکێک بەرامبەریان چییە، خۆشەویستییان بۆ ئەو دوو منداڵە کە چ لەڕووی جەستەییەوە و چ لە ڕووی عەقلییەوە گەشە ناکەن و ڕۆژ بە ڕۆژیش خراپتر دەبن و کووڕ دەبنەوە ، یەکێکیان لە پرسیارێک زیاتر هیچی دی نازانێت ئەویش بۆ کوێ دەڕۆین ، باوکە یە؟، کە بەردەوام دووبارەی دەکاتەوە!…


- باوکم هەرگیز کەسی نەکوشتووە ، ڕۆمانی دووەمە کە لە زاری کوڕێکەوە هەموو وردەکارییەکانی باوکە دکتۆرەکەی باس دەکات ، کە بەڕاستی ئەو باوکە ژیانێکی سەیر و سەمەرەی تایبەت بەخۆی هەیە کە لە هیچ باوکێکی تر ناچێت!….



سەلاح حەسەن پاڵەوان

- جان لویی فۆیرنییە لە 1938 لە فەرەنسا لە دایک بووە و چەندین کتێب و ڕۆمانی هەیە و بەوە ناسراوە کە کورتنوسە، کورت و بەهێز، زمانێکی تایبەت نزیک لە گاڵتەجاڕی، بەڵام تراژیدیئامێزی هەیە، خۆی سەرقاڵ ناکات بە وردەکارییەکانی ژیان و پڕ کردنەوەی لاپەڕە، زمانێکی ڕۆژانە بەڵام هونەرییانە!……

- سەلاح حەسەن پاڵەوان ئەم دوو ڕۆمانەی لە ئینگلیزییەوە بە کوردییەکی پاراو و بێ گرێ وەرگێڕاوە، کەبەڕاستی کارامەیی و شارەزایی بە وەرگێڕانەکەیەوە دیارە و دەستی خۆش بێت!!….



# چراكانی نیشتمان

## د.جەمال نەبەز: چرایەكی پرشنگدار، نوسینی خەلیل عەبدوڵڵا



دكتۆر جەمال نەبەز لە تافی لاویدا

د.جەمال نەبەز كەسایەتییەكی دیاری نیشتمانیو نەتەوەییو ئەكادیمی كوردستانە. لەچەند بوارو ڕشتەی جیاوازدا خزمەتی بەگەل و نیشتمانەكەی كردووە و درەختێكی باڵابەرزی بەردار بووەو شوێن پەنجەی خزمەتو بەخششەكانی دیار و درەوشاوەیە. ئەو 85 ساڵ لەمەوبەر، واتە لە 1ی كانوونی یەكەمی 1933 لەشاری سلێمانی دایك بوو، لەئامێزی خێزانێكی ناسراودا پەروەردە بوو. قۆناغەكانی خوێندنی لەشاری سلێمانی تەواو كردو ناوەڕاستی ساڵی 1950 كۆلیجی زانستی زانكۆی بەغدای تەواو كردو لەوانەكانی فیزیاو بیركاری پسپۆڕی وەرگرت. شەش ساڵ وەك مامۆستا وانەكانی فیزیاو بیركاری لەقوتابخانە ئامادەییەكانی شارەكانی هەولێرو كەركوكو بەغداو بەسرە گوتەوە. ساڵانی (1956–1957)سەردانی وڵاتانی سوریاو لوبنانو ئیرانی كردو چەندین كەسایەتی فیكریو ڕۆشنبیریی كوردی لەو وڵاتانە بینیو گفتوگۆی چڕی ڕووناكبیری لەگەڵ كردنو چەند بەرهەمێكی ئەدەبیان بەزمانی كوردی چاپكرد. ساڵی 1962 بەیەكجاری كوردستانی بەجێهێشت و لە وڵاتی ئەڵمانیا گیرسایەوە. لە زانكۆكانی ئەڵمانیا درێژەی بەخوێندن داو لەرشتەكانی زانستی ئسوڵی خوێندنی ئیسلامیو ئێرانیو زانستی سیاسەتو ڕۆژنامەگەریو قانون خوێندیو شارەزایی زیاتری پەیدا كردو دواتر وەك مامۆستای زانكۆ لە زانكۆكانی ئەو وڵاتەو ناوەندەكانی توێژینەوەی زانستیو پەیمانگاكانی زمانو وەرگێڕان خزمەتی كرد. د.جەمال نەبەز لەسەرەتای ژیانی لاویو كە خوێندكاری زانكۆی بەغدا بووە،بایەخی بەنووسین داوەو وتارە سیاسیو كۆمەڵایەتییەكانی لەرۆژنامەكانی بەغدا بەزمانی عەرەبی بڵاو كردۆتەوە. كەلەشاری كەركوك مامۆستای بیركاری و فیزیا بووە، بەزمانی كوردی ئەو دوو وانەیەی گوتۆتەوە و یەكەم كەسیش بووە، كە كتێبێكی بۆ وانەی فیزیا بەزمانی كوردی داناو ساڵی 1960 بڵاوی كردەوە. د.جەمال نەبەز خاوەنی خەرمانێك بەرهەمی مێژوویيو ئەدەبیو زانستیو ڕۆژنامەگەریو زمانەو لەو بوارانەدا خزمەتێكی گەورەی بەدەوڵەمەند كردنی كتێبخانەی كوردی كردووە. لەیادی 85 ساڵەی لەدایكبوونی مامۆستاو زانای گەورەی كوردستان(دكتۆر جەمال نەبەز)، چەپكە گوڵی پیرۆزبایی بۆ ئەنێرمو هیوای سەركەوتنو بەرهەمو بەخششی زیاترو تەمەن درێژی بۆ دەخوازم..

بەسوپاسەوە لە پەیجی (وێنە كۆنەكانی سلێمانی) وەرگیراوە.

# حەسیب ساڵح، سومبولی تەلارسازی و ئاوەدانی



حەسیب ساڵح لە ساڵی ١٩٣٠ز لەشاری كەركوك لە دایك بووە، بە ڕەچەڵەك خەڵكی گوندی خەرپانەی ناوچەی هەورامان بووە. ئەگەرچی چەندین تەلارو پرۆژەی گەورەی بیناسازی لەسەرانسەری عیراقدا دروست كردووە، بەڵام دروستكردنی تەلارێكی بڵند لەسەر شەقامی سالم و لە دەروازەی شەقامی مەولەویی شاری سلێمانی، زیاتر ئەو ئەندازیار و بەڵێندەرەی بەخەڵكی سلێمانی و كوردستان ناساند، تەلارەكەش گەرچی لەرەسمیاتدا ناونرا هۆتێل سلێمانی، بەڵام هەر بەناوی خۆی و بەبینای حەسیب ساڵح ناسراو تا لەدوای ڕاپەرینی ١٩٩١ ناوەكەی بۆ سلێمانی پاڵاس گۆڕدرا. حەسیب ساڵح كێیە؟ ئەندازیار و بەڵێندەرێكی زیرەك و ناوداری كورد بووە، نەك لەسەر ئاستی كوردستان و عیراق، بەڵكو لەسەر ئاستی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش ناسراوە، شوێن پەنجەی بەدروستكردنی چەندین تەلاری بڵند و مەزن و دڵگیرەوە لەسەرانسەری عیراقدا دیارە، كە وەك سامانێكی تەلارسازیی نیشتمانی و یادگاری حەسیب ساڵح ماونەتەوە. حەسیب ساڵح حەبیب لە12ی كانونی یەكەمی 1930 لەشاری كەركوك لەدایك بووەو ماوەی چەند ساڵێك لە گوندی هۆمەر قەومی ناوچەی سورداش ژیاون و لە قوتابخانەی سەرەتایی لە ناحیەی سورداش خوێندوویەتی، دواتر قۆناغەكانی تری خوێندنی لە شارەكانی كەركوك و بەغدا تەواو كردووە. بەرەچەڵەك باوكی خەڵكی گوندی خەرپانی ناوچەی هەورامان بووە و مەلا بووە، بەڵام زۆر كاری مەلایەتی نەكردوە، چۆتە شاری كەركوك و لەوێ هاوسەرگیری كردووە و بەكاری ئازادو بازرگانی خەریك بووە. حەسیب ساڵح ساڵی1954كۆلیجی ئەندازیاری شارستانیی زانكۆی بەغدای بەپلەی یەكەم تەواو كردووە، بەهۆی ئەوەوە لەلایەن مەلیك فەیسەڵی دووەمەوە خەڵاتی ڕێزلێنانی پێبەخشراوە. بۆ ماوەیەكی كەم وەك ئەندازیار لە فەرمانگەی ئاوی بەغدا دامەزراوە و دواتر وازی هێناوە و خەریكی كاری ئازادو بەڵێندەرایەتی بووە، كۆمپانیایەكی بەناوی خۆیەوە بۆ ئەو مەبەستە دامەزراندووە. چەندین پرۆژەی گەورەی تەلارسازیو ئاوەدانی جێبەجێ كردووە لەوانە(مۆنۆمێنتی ئازادی لەگۆڕەپانی تەحریری بەغدا، كە كارێكی تەلارسازیو هونەریی پەیكەرتاشی هونەرمەندی گەورە جەواد سەلیمی لەسەر نەخشێنراوە، تەلارەكانی بانكی رافدەین و وەزارەتی تەندروستی و كۆمپانیای دڵنیاییو چەندین پرۆژەی تر لەشارەكانی عیراقو كوردستاندا. بایەخیشی بەكاری كولتوری داوەو تەلاری كتێبخانەی نیشتمانی و هۆڵەكانی وانەگوتنەوە لەشاری بەغدا بەرهەمی كاری ئەو بوون. هەر لەڕوانگەی بایەخدانی بە كایەی ڕۆشنبیریی كوردی، لەسەر ئەركو بودجەی خۆی یانەی ڕۆشنبیریی زانكۆو كتێبخانەی زانكۆی سلێمانی لەساڵی 1979 دا دروستكردووە. حەسیب ساڵح لەدامەزرێنەرانی یەكێتیی بەڵێندەرانی عیراق بووەو لەكۆتایی هەشتاكاندا سەرۆكی ئەو یەكێتییە بووە، هەر لەقۆناغی ئامادەییەوە خولیای كاری پیشەیی هەبووە و لەرێكخراوی خوێندكاران كاری كردووەوهەڵگری بیری چەپو پێشكەوتنخواز بووە.

حەسیب ساڵح لە 18 ی شوباتی 2012 لە شاری عەممانی پایتەختی ئوردن كۆچی دوایی كرد و تەرمەكەی برایەوە بۆ شاری كەركوكو لەوێ لە گۆڕستانی شێخ محێدین بەخاك سپێردرا.

# چەند کتێبێکی میشێل فوکۆ بە زمانی کوردیی:

## "دەبێت بەرگریی لە کۆمەڵگا بکرێت"




ئەم کتێبە کۆمەڵێک وانەیە کە میشێل فوکۆ لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦دا لە زانکۆ لە پاریس دەیانڵێتەوە. بەشێوەیەکی گشتیی باس لە تێگەیشتنی ئەو فەیلەسوفە بۆ دەسەڵات دەکات. کاک ئارام شوانی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیی . جێگای دڵخۆشیە لەم چەند ساڵەی دواییدا چەند کتێبێکی میشیل فوکۆ بۆ سەر زمانی کوردیی وەرگێڕدران، لەوانەش وەرگێڕانی هەر سێ بەشەکەی کتێبی "مێژووی ژیانی سێکسیی" لە لایەن کاک کاوە دەستورە وە، کە بێگومان سەرەتایەکی زۆر گرنگیی هاتنی کتێبەکانی ئەم بیریارە گەورەیەی سەدەی بیستەمە بۆ ناو ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردیی . ئەم کتێبە تازەیەش من پێشەکیەکی نیمچە درێژم بۆ نووسیوە بە مەبەستی ناساندنی شوێن و جێی کتێبەکە لەناو گەشەکردنی فیکری فوکۆدا. ئەمەش پەرەگرافێکی کورتە لەو پێشەکەییە:

"دەمەوێت لێرەدا جەغت لەو خاڵە بکەم کە ئەم وانانەی فوکۆ دژایەتییەکی گەورەی دوو بیریای ناو مێژووی فیکری سیاسیی دەکەن، یەکەمیان مکیافیلییە و دووهەمیان تۆماس هۆبزە. فوکۆ لەم کتێبەدا هێرشێکی بەردەوام دەکاتە سەر ئەو دوو بیریارە سیاسییە کە زۆرجار وەک سەرەتای لەدایکبوونی فیکری سیاسیی مۆدێرن دەبینرێن و مامەڵەدەکرێن. خاڵی هەرە سەرەکیی ڕەخنەی فوکۆ ،هەم لە مکیافیلی و هەم لە تۆماس هۆبز، ئەوەیە کە دیدێکی زۆر سادەیان بۆ دەسەڵات لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا هەیە، ئەوان هەردووکیان دەسەڵات بە بوونی یەک سێنتەرەوە گرێئەدەن، پێیانوایە سیستمی دەسەڵات یەک سێنتەری هەیە کە پادشا یان سەرۆک یان سەروەر لەناویدا ئامادەیە و زۆرجاریش هەر خۆی سێنتەری ئەو دەسەڵاتەیە. لای مکیافیلیی ئەم سێنتەرە کەسایەتی ئەمیرە و لای هۆبز سەرۆکی دەوڵەتی مۆدێرنە، کە بە سەروەر ناودەبرێت. ئەو دیدەی فوکۆ بۆ دەسەڵات پێشنیاریی دەکات تەواو دژ بە دیدی هۆبز و مکیافیلییە،"

کتێبەکە لەلایەن ناوەندیی ئەندێشە وە لە سلێمانی چاپ و بڵاکراوەتەوە.

## ساڵی میشێل فوکۆ لە ڕۆشنبیریی کوردیدا



دکتۆر مەریوان وریا قانع

بەبێ دوودڵییەکی گەورەوە دەکرێت ساڵی ٢٠١٧ و ٢٠١٨ بە ساڵی بەخشینی ماڵێک بە فوکۆ لەناو زمانی کوردیدا ناوببەین. فوکۆ بۆ یەکەمجارە بەشێوەیەکی بەرفراوان بە زمانی کوردی دەدوێت و لەناو ئەو زمانەدا ئامادەگییەکی فراوانی پێدەبەخشرێت. لەم دوو ساڵەدا کۆمەڵێک کاری گرنگی فوکۆ بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدران و هەندێک کتێبیش لەسەر فوکۆ هەم وەرگێڕدران و هەم نووسران. لە کتێبەکانی خۆی هەر سێ بەرگەکەی "مێژووی سێکسوالیتە" بە وەرگێڕانی کاک کاوە دەستوورە کەوتە ناو کتێبخانەی کوردییەوە. کتێبی "وشەکان و شتەکان" بە وەرگێڕانی کاک ئارام ئەمین شوانی چاپ و بڵاوکرایەوە.




کتێبی "ئێرانییەکان چۆن بیر دەکەنەوە"، کاک هەژار مەجید وەریدەگێڕێت و بڵاودەبێتەوە. ئەم کتێبەی ئێستاش، "دەبێت بەرگریی لە کۆمەڵگا بکرێت" دیسانەوە بە وەرگێڕانی کاک ئارام ئەمین شوانی دەچێتە پاڵ کارە وەرگێڕدراوەکانی تری فوکۆ بۆ زمانی کوردیی. هەروەها کاک ئاوات ئەحمەدیش کتێبێک بەناوی "جیهانی میشێل فوکۆ" بۆ سەر زمانی کوردیی وەردەگێڕرێت و منیش کتێبێکێم بەناوی "ئەخلاق و بەرگریی"ەوە لەسەر کارەکانی میشێل فوکۆ نووسیی و بڵاوکردەوە . ئەم سەرەتا تازەیە بۆ وەرگێڕانی کتێبەکانی فوکۆ خۆی و وەرگێڕان و نووسین لەسەر فیکری فوکۆ هەنگاوێکی گرنگە بۆ ناساندنی زیاتری ناوەندی ڕۆشنبیریی و فیکریی ئێمە بە کارەکانی ئەم فەیلەسوفە فەرەنسییە. هیوادارم ئەم کارانە هەنگاوی تریان بەدوابێت و لە ئایندەدا کاری زۆرتر و زیاتری بەدوادابێت".

پەرەگرافێکی دکتۆر مەریوان، لەو پێشەکییەکەی من بۆ کتێبی "دەبێت بەرگریی لە کۆمەڵگا بکرێت"

## هەر جارەی هونەرمەندێکی کورد



# هوشیار ڕەشید

هونەرمەندی شێوەکار، هوشیار ڕەشید، کە جاران بە هوشیار سەعید دەماںناسی لە 01 مارتی 1972 لە خانەوادەیەکی هونەری لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، ساڵی 1993 ئاوارەی هۆڵەندا بووە، پاش ساڵێک لە 1994دا لە ئەکادیمیای هونەری AKI لە شاری ئەنیشخدەی وەگیراوە و توانیوێتی بەسەرکەوتوویی تەواوی بکات. لە تەمەنی گەنجیدا، لە لایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە گیراوە و حوکمدراوە، لە پاش ڕاپەڕین ئازاد بووە، یەکێکە لەو هونەرمەندە کوردانەی لە هۆڵەندا، جێ پەنجەی هونەری خۆی دیارە و تا ئێستا لە چەندین گەلەری بە ناوبانگی هەموو شارەکانی هۆڵەندا پێشنگای تایبەتی و هاوبەشی کردۆتەوە و هەروەها بەشداری زیاتر لە 35 پیشانگەی هاوبەش و تایبەتی کردووە، لە (سلێمانی، هەولێر، دهۆک، پاریس، لەندەن و وڵاتەکانی هۆڵەندا، ئەڵمانیا و هەنگاریا). لە گەلێک گۆڕەپان و پارک و شێوێنی گشتیدا، لە ئەمستردام و شارەکانی دیکەی هۆڵەندا، بە پەیکەرەکانی هۆشیار سەعیدی ڕازاوەتەوە.

هوشیار یەکەمین پیشانگەی تایبەتی خۆی لە گەلەری مۆزەخانەی سلێمانی لە ساڵی 1878 کردۆتەوە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:
https://www.facebook.com/hoshyar.rasheed








# تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA
E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807